# جوگرافیای سیاسی

حكومەتی هەرێمی كوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانكۆی سەلاحەددین

كۆلیژی ئاداب–بەشی راگیاندن

قوناغی یەكەم

كۆرسی دووه م

مامۆستای بابەت: ساسان حكمت علی

Sasan.ali@su.edu.krd Emails:

arminsasan@gmail.com

2022-2023

# جوگرافیای سیاسی
# (political Geography )

# چەمکی جوگرافیای سیاسی

لقێکە لە لقەکانی جوگرافیای مرۆیی و سەر بە زانستی جوگرافیایە ، بایەخ بە یەکە ڕامیارییەکان (دەوڵەت) دەدات لە ڕێگای دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگەکەی و ئەو هەرێمە سیاسیەی تێدا دەژی .

# چەمکی جوگرافیای سیاسی

- جوگرافیای سیاسی لە بابەتێکی تیۆرییەوە گەشەی کردووە بۆتە بابەتێکی پراکتیکی بەسوود، نەخشە بۆ ژیانی سیاسی مرۆڤ دادەنێت، وەك:

- ✓دابین کردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی مرۆڤ:
- ✓خۆراك ، پۆشاك ، شوێنی حەوانەوە.
- ✓ دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی.

# پێناسەی جوگرافیای سیاسی

- جوگرافیای سیاسی لە ڕووی دەستەواژە و ناوەڕۆکەوە زۆر پێناسەی بۆکراوە، کە بە گوێرەی تێڕوانین و دید و بۆچوونی پسپۆران ئەم پێناسە کردنانە دەگۆڕێن. بەڵام دەتوانین بڵێین سەرەڕای ئەم جیاوازیانە هەر هەموویان لەیەك چوارچێوە دەخولێنەوە، ئەویش بریتیە لە:
- یەکە ڕامیارییەکان ( وولاتان)، بە هەموو ئەو ژینگە سروشتی و مرۆییەی هەیەتی . واتا: لە بنەما سروشتی و مرۆییەکانی دەوڵەت دەکۆڵێتەوە.

# پێناسەی جوگرافیای سیاسی

- لێرەدا هەندێك لەم پێناسانە سەبارەت بە جوگرافیای سیاسی دەخەینەڕوو:

  - ✓ نۆرمان پاوندرز Poundrs : دەڵێت: زانستی جوگرافیای سیاسی گرنگی بە دەوڵەت دەدات ، دەوڵەتیش بۆیە دروست دەبێت تا ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێت لە پارێزگاری کردن و پەروەردەکرنی قەوارەی دەوڵەت ، بەو بیرو بۆچونانەش کە هەڵی بژاردووە، ئامانجی سەرەکی لێوەی دابینکردنی خۆشگوزەرانی و سەربەخۆیی و ئازادی گەلەکەیەتی .
  - ✓ هارتشۆرن Hartshorne دەڵێت: ئەو زانستەیە کە بایەخ بە جیاوازی دیاردە سیاسیەکان دەدات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر( Areal difference)، ئەم جیاوازیانەش دەبەستێتەوە بەو گۆرانکاریانەی لەسەر ڕووی زەوی ڕویانداوە، بەتایبەتی لەو شوێنەی مرۆڤی لەسەر دەژیت.

# پێناسەی جوگرافیای سیاسی

- عبدالمنعم عبدالوهاب : دەڵێت ئەم زانستە بایەخ بە یەکە ڕامیاریەکان و شوێنەوارە جوگرافیەکانیان لە جیهاندا دەدات و شیکردنەوەی گونجاو بۆ پەیوەندیەکانی نێوان وڵاتان لە چوارچیوەی هێزدا دەدات .

- لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێناسە جۆراو جۆرانە ی بۆ ئەم زانستە کراوە ، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە سنوورێکی دیاریکراو نیە بۆ لێکۆڵینەوە لەم زانستە. بەڵام خاڵی هاوبەش لە نێوان ئەم بۆچوونانەدا ئەوەیە کە دیاردە سیاسیەکان بەو شوێنە جوگرافیەوە بەستراونەتەوە کە دەوڵەتی لەسەر بنیاتنراوە.

# هۆكارەكانی سەرهەڵدانی جوگرافیای سیاسی لە بواری جوگرافیا دا :

1- گەڕان و گەشت و دۆزینەوەی جوگرافی ئارەزووی زانیارییەكانی زیاتر كرد بە تایبەتیش دوای ئەوەی پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر و فراوانتر بوو هەوڵدان بۆ كۆنترۆڵكردنی زەوی زیاتر بوو .

2-زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، بە شێوەیەك كە ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی (1650) دا تەنها (500) ملیۆن كەس بوو كەچی لە **ئێستا دا بۆ زیاتر لە هەشت ملیار كەس بەرزبووەتەوە.**

3-زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و زیادبوونی پەیوەندیەكان و بەریەككەوتنی زیاتر لە نێوان گەل و نەتەوەكاندا كێشەكانی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر كرد هەر ئەم كێشانەش زەمینەیەكی لەباری بۆ هاتنە كایەی زانستی جوگرافیای سیاسی دروست كرد.

# سه رەتاكانی سەرهەڵدانی جوگرافیای سیاسی

سەرەتاكانی نووسین لە بواری جوگرافیای سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ هەریەك لە (هیرۆدۆت ، ئەفلاتون ، ئەرستۆ) :

1- هیرۆدۆتی یۆنانی(485پ.ز-425پ.ز) گرنگی بە ڕۆڵی هۆكارە - جوگرافیەكان داوە لە سەرهەڵدانی چینە كۆمەڵایەتیەكان و سیستەمی سیاسی دا ، پێی وابوو ناوچە دەشتایی و تەختانییەكان پیاوی بی هێز دروست دەكەن بەردەوام ئەوانە دەبنە ژێر دەست .

2- ئەفلاتون (492پ.ز-425پ.ز) هەستا بە دانانی یاسا و ڕیسا بۆ شێوازی پەیوەندیكردنی خەڵك بە دەوڵەتەوە كە دەبێت چۆن و بە چ شێوەیەك بێت .

3- ئەرستۆ (383 پ . ز – 322 پ . ز) باسی هێزی دەوڵەت دەكات لە گەڵ گونجاندنی ئەم هێزە لە گەڵ ژمارەی دانیشتوان ئەمە جگە لە گرنگی دانی بە ئەرك و كیشەكانی سنوری سیاسی .

# دەرکەوتنی جوگرافیای سیاسی وەك لقێکی سەربەخۆ

جوگرافیای سیاسی وەك لقێکی سەربەخۆ لە جوگرافیای مرۆیی ئەو کاتە سەریهەڵدا کە جوگرافیناسی ئەڵمانی (فریدریك راتزل 1844-1904) پەرتووکە بەناوبانگەکەی بە ناوی جوگرافیای سیاسی لە ساڵی (1897) دا بڵاوکردەوە .

# ئەو لایەنانەی کە جوگرافیای سیاسی بایەخیان پێ دەدات ئەمانەنن :

1- جوگرافیای سیاسی لە بنەڕەتدا بایەخ بە یەکە سیاسیەکان دەدات واتە دەوڵەت .

2- خستنەڕووی ئەو پەیوەندییە نێو دەوڵەتیانەی کە کار لە یەکە سیاسیەکان دەکات .

3- بایەخ دان بە دابەشبوونی یەکە کارگێڕییەکان و هەڵبژاردنی شوێنی پایتەخت و دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن و هەروەها چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی کە پەیوەستن بە سنوری سیاسیەوە .

4- بایەخ بەو فاکتەرە سروشتی و مرۆییانە دەدات کە دەوڵەت هەیەتی و هەڵسەنگاندنی گونجاویان بۆ دەکات و خاڵە لاواز و بەهێزەکانیان دەخاتە ڕوو .

# مێژوو قۆناغەکانی بەرەو پێشچوونی زانستی جوگرافیای سیاسی

1- جوگرافیای سیاسی لە سەردەمی یۆنانی دا .

ئەرستۆ بە بیرمەندترینی ئەو کەسانە دادەنرێت کە دەربارەی جوگرافیای سیاسی شتیان نوسیوە ئەویش لە ماوەی نوسینە بەناوبانگەکەی بە ناونیشانی (سیاسەت).

ئەرستۆ گرنگی بەم لایەنانە داوە :

1-ژمارەی دانیشتوان .

2-ڕووبەری دەوڵەت.

3-شوێنی دەوڵەت و پەیوەندی بە بەهێزی دەوڵەتەکە و ئەو کێشە و گرفتانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە .

4-گرنگی دان بە شوێنی پایتەخت لە ڕووی ستراتیجی و ئابوری بۆ دەوڵەت .

5- بایەخدان بە سنور کە بە هێڵی جیاکەرەوە دادەنرێن لە نێوان هۆزو نەتەوە و شارەکان .

# بۆچوونی ئەرستۆ لە بارەی گەل و نەتەوەکان :

1- دانیشتوانی ناوچە ساردەکان بە گشتی و دانیشتوانە ئەورپیەکانی ناوچەکانی باکور بە شێوەیەکی تایبەت چالاك و گورج و گۆڵن بە لاّم زیرەك و هونەری نین ، ئەمانە زیاتر سەربەستن و ناتوانن لە بواری سیاسی دا پێشکەوتوو بن تواناى حوکمڕانی کەسانی تریان نیە .

2-دانیشتوانی ئاسیا خاوەن پسپۆری و هونەریین و بە توانا و زیرەکن بەلاّم کەمتر چالاکن هەردەم لە ژێر دەستی گەلانی تر دەبن هەر لە وانیش خزمەتکار و بەندە دروست دەبن .

3- ئەرستۆ پێی وابوو یۆنانییەکان بە هۆی شوێنە جوگرافییەکەیانەوە زیاتر سەربەست و زیرەکن و تواناى بەرەو پێش بردنی سیاسیان هەیە دەتوانن حوکمڕانی گەلانی تر بکەن بە مەرجێك یەکیتیەکی سیاسی لە نێو خۆیان دروست بکەن .

## 2- جوگرافیای سیاسی له چاخەکانی ناوەڕاست :

له گەڵ ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی له ساڵی (476)ی زایینی چاخه تاریکەکانی ناوەڕاست له ئەورووپا دەستی پێ کرد که نزیکەی 1000 ساڵی خایاند واته تاکوو سەدەی 15ی زایینی .

# تایبەتمەندیەکانی چاخەکانی ناوەڕاست:

1-لەم چاخەدا هەموو زانستەکان بە گشتی بە جوگرافیاشەوە دواکەوتن .

2-هەموو زانا و بیرمەند و پسپۆرەکان لەم ماوەیەدا لە دەوری کەنیسە کۆببوونەوە هەوڵەکانیان تەنها بۆ کەنیسە بوو .

# ڕۆڵی جیهانی ئیسلامی لەم قۆناغەدا لە بواری جوگرافیای سیاسی :

- بە پێچەوانەی ئەوروپاوە لەم ماوەیە دا جیهانی ئیسلامی لە بەرەو پێشچوون و پێشکەوتن دابوو بە تایبەتی لە بواری زانستی جوگرافیا . لەو بیرمەندە ئیسلامیانەی کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە بواری جوگرافیای سیاسی ئیبن خەلدون بوو .

**ئیبن خەلدون بایەخی زۆری بە هۆز و شار دابوو هەروەها جیاوازییشی لە نێوان سیستەمی هۆز لای گەڕۆك و دەشتەكییەكان لە گەڵ دانیشتوانی شار دا كرد ، و پێی وابوو كە كاری كشتوكاڵی و بە خێو كردنی ئاژەڵ كاری سەرەكی دەشتەكییەكانە بەڵام دانیشتوانی شارەكان كاری بازرگانی و پیشەسازی دەكەن ، هەروەها پێی وابوو دەشتەكییەكان و كۆچەران بە هۆی جێگۆڕكێ كردنیان هیچ تێڕوانینێكیان بۆ نیشتمانی هەمیشەی نیە بە پێچەوانەی دانیشتوانی شارەوە كە خەڵكی شار زیاتر دڵسۆزییان بۆ ئەو خاكە هەیە كە لە سەری دەژین .**

# 3-جوگرافیای سیاسی لە سەردەمی چاخی هەڵسانەوە :

دوو بیرمەندی جوگرافیای لەم ماوەیەدا دەنگیانداوەتەوە کە ئەوانیش :

1- جین بودین (1530-1569ز) پێی وابوو شیوازی نەتەوەی هەر دەوڵەتێك لە لایەن ئاوهەوا و تۆبۆگرافیاکەیەوە دیاری دەکرێت . هەروەها سروشتی هەڵس و کەوتی مرۆڤەکان و مەزاجی تایبەتیان و ئارەزوو و چالاکیان لە گەڵ ئەو سیستەمە سیاسیەی بەڕێوەیان دەبات هەموو بەستراونەتەوە بەو زەوییەی لە سەری دەژین .

2- شارل بارون دومنتسكيو : پێی وابوو دانیشتوانی ناوچەکانی ئاوهەوای گەرم هەردەم ئارەزووی چەسپاندنی فەرمانڕەوای توند و چەوساندنەوە و توندڕەوی لە حوکم دەکەن بە پێچەوانەشەوە دانیشتوانی ناوچە ساردەکان زیاتر ئارەزوویان لە دیموکراسی و سەربەستیە .

دومنتسکیو شێوازێکی جیهانگیری بۆ جوگرافیای سیاسی دارشت و گواستیەوە بۆ قۆناغێکی نوێ تر .

# 4ـ جوگرافیای سیاسی لە سەدەی نۆزدەهەم :

بەناوبانگترین جوگرافی ناسانی ئەم سەردەمە بریتی بووە لە (کارل ریتەر) کە پێی وابوو شارستانیەتی مرۆڤ لە بنچینەیەکی ئەندامی سەرچاوە دەگرێت بە جۆرێك شارستانییەکان دروست دەبن و گەشە دەکەن و دواتریش دەمرن .

لە ساڵی (1859) بیردۆزی (هەڵبژاردنی سروشتی و مانەوە بۆ باشترین ی چارلز داروین بڵاوبووەوە کە کاریگەری خۆی لە سەر هەموو لقەکانی زانست جێ هێشت بە تایبەتیش جوگرافیا .

**جوگرافی ناس** راتزل زۆر سوودی له بیروبۆچوونەکانی داروین وەرگرت و توانی بیردۆزەکەی له سەر شێوازی دەوڵەت جێ بە جێ بکات .

بۆچوونەکانی ڕاتزل :

1- راتزل پێی وابوو (دەوڵەت بوونەوەرێکی زیندوە له سروشت دا ئەم بوونەوەرەش له کێشمە کێشی بەردەوام دا دەژیت بۆ بەدەستهێنانی ڕوبەرێکی گونجاو و فراوانتری زەوی کە ئەمەش بە مەبەستی درێژەدان بە ژیان و فراوانکردنی قەبارەی ڕاستەقینەی خۆی .

2- هەروەها بۆچوونی وابوو کە دەوڵەت وەك بوونەوەرە زیندوەکان بە قۆناغەکانی پێشکەوتن و گەشەکردن دا تێدەپەڕێت و بە سروشتی خۆی دەوڵەت ناتوانێت بە مت بوون بمێنێتەوە ئەگینا دوچاری له ناوچوون و مردن دەبێتەوە .

3- راتزل پێی وابوو هەرچەندە ژمارەی دانیشتوانی دەوڵەت زیاد بکات ئەوا دەوڵەت بە دوای ڕووبەری زەوی نوێتر دا دەگەڕێ بە مەبەستی دابینکردنی خۆراك .

4- پێی وابوو وڵاتە بەهێزەکان وڵاتە لاوازەکان بگرنە خۆ وەك بوونەوەرە زیندوەکان کە بوونەوەرە بەهێزەکان لە سەر حیسابی بێ هێزەکان درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن .

# 5- جوگرافیای سیاسی لە سەدەی بیستەم :

یەکێك لە بیرمەندانی بیرۆکەی دەوڵەت بوونەوەرێکی زیندوە لەم ماوەیەدا (رۆدولف کیلین 1864-1922) بوو ، گرنگترین بۆچوونەکانی ئەمانەنن :

1-کیلین پێی وابوو دەوڵەت بوونەوەرێکی زیندوە لە هەمان کاتیشدا بوونەوەرێکی ژیریشە و لە گەڵ ڕاتزلیش لە سەر ئەوە کۆك بوو کە کۆتایی بەرەو پێشچوونی دەوڵەت بریتیە لە هێز و دەسەڵات .

2-پێی وابوو دەوڵەت هەردەم هەوڵی فراوانکردنی ڕووبەرەکەی دەدات .

3-کیلین بۆچوونی وابوو کە دەوڵەت لە کێشمەکێشی بەردەوام دایە بۆ بەرەوپێشچوونی هێزە سیاسییەکەی .

4-لە ڕێگای شیکردنەوەی لە سەر تواناکانی دەوڵەت زاراوەی جیۆپۆلێتیکی هێنایە ئاراوە .

جوگرافیای سیاسی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم پێی نایە قۆناغێکی نوێترەوە هەروەك لە ساڵی (1968) جوگرافیناسە سیاسیەکان جوگرافیای سیاسیان کردە زانستێکی ژمارەیی کە بەکارهێنانی داتا و ژمارە بووە ئامرازی سەرەکی لێکۆڵینەوەکانی و چەندین بواری نوێش لەم زانستە دا سەریان هەڵدا وەك جوگرافیای هەڵبژاردنەکان و ئاسایشی تەندروستی و ئاو و خۆراك ...هتد .